حوكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات و الابحاث والمتابعة

ژمارە: ٩٠٢٢٢ /
ڕێکەوت: کەلاوێژ/ ٢٧٢١ کوردی

العدد:
التأريخ ٢٧/ ٨ / ٢٠٢١

# ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٤ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب/ کرێ ی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨٩٣) لە ٢٠٢١/١٠/٢٦ و کۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتمان و وەزارەتی پەروەردە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٩ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-

**یەکەم: گوند و شارەدێ و شارۆچکە ( جگە لە شارۆچکەی سەنتەری ناوەندی پارێزگا و سەنتەری ئیدارە سەربەخۆکان):**

١- بۆ قوتابخانەکانی دەکەونە ناو گوند هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بڕی (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار.

- هەڵگری بڕوانامەی بکالوریۆس بڕی (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار.
- هەڵگری ئەو بڕوانامانەی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا بڕی (٤٢٥،٠٠٠) چوار سەد و بیست و پێنج هەزار دینار.

دەبەخشرێن لە دیاریکردنی بەشەوانە، بەڵام دانانیان پاش تەواوکردنی بەشەوانەی میلاک و پێویستی قوتابخانەکە دەبێت بە مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو.

٢- شارەدێ و شارۆچکە (ناحیە و قەزا) جگە لە (سەنتەری قەزای ناوەندی پارێزگا)، شایستەی دارایی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:

أ- ئەگەر مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو تا (١٢) بەشەوانەی هەبێت بەم شێوەی خوارەوە شایستەی دارایی بۆ خەرج دەکرێت:

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار.
- هەڵگری بڕوانامەی بکالوریۆس (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار.
- هەڵگری ئەو بڕوانامانەی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا بڕی (٣٢٥،٠٠٠)سێ سەد وبیست و پێنج هەزار دینار.

ب- ئەگەر مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو (١٣ تا ١٨) بەشەوانەی هەبێت بەم جۆرەی خوارەوە شایستەی دارایی بۆ خەرج دەکرێت:

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بڕی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار.
- هەڵگری بڕوانامەی بکالوریۆس بڕی (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەكانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دكتۆرا بڕی (٣٧٥،٠٠٠)سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار.

ج - لە سەرووی (١٩) بەشەوانەوە بەم جۆرەی خوارەوە شایستەی دارایی خەرج دەكرێت:

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بڕی (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار.
- هەڵگری بڕوانامەی بكالوریۆس بڕی (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار.
- هەڵگری ئەو بڕوانامانەی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دكتۆرا بڕی(٤٢٥،٠٠٠) چوار سەد و بیست و پێنج هەزار دینار.

**دووەم: سەنتەری پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان:**

١- ئەگەر مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو تا (١٢) بەشەوانەی هەبێت بەم شێوەی خوارەوە شایستەی داراییەكانیان بۆ خەرج دەكرێت:

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بڕی (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار.
- هەڵگری بڕوانامەی بكالوریۆس بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار.
- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەكانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دكتۆرا بڕی (٢٧٥،٠٠٠) دوو سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار.

٢- ئەگەر لە (١٢ تا ١٨) بەشەوانە هەبێت بەم جۆرەی خوارەوە شایستەی دارایی خەرج دەكرێت:

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار.
- هەڵگری بڕوانامەی بكالوریۆس بڕی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار.
- هەڵگری ئەو بڕوانامانەی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دكتۆرا بڕی (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار.

٣- لە (١٩) بەشەوانەوە بۆ سەروو بەم جۆرەی خوارەوە شایستەی دارایی خەرج دەكرێت:

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بڕی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار
- هەڵگری بڕوانامەی بكالوریۆس بڕی (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار.
- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەكانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دكتۆرا بڕی (٣٧٥٠،٠٠٠) سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار.

ریبار عباس

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٢٢٣٠٢٥١ – ٢٢٢٢٩٨٢ – ٢٢٣١٤٢٥)
Address-erbil Beside Parliament
www.gov.kurd

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ژمارە: ٩٤٤٣/
ڕێکەوت: /گەلاوێژ/ ٢٧٢١ کوردی

العدد:
التأريخ ٢٧/ ١٠/ ٢٠٢١

**سێیەم: خاڵی یەکەم و دووەمی سەرەوەی ئەم ڕێنماییە بەم ڕێککارانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکرێت:**

١- دانانی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو لە حاڵەتی پێویستی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە دەبێت بەڵام بەو مەرجەی مامۆستای میلاک بەشەوانەی خۆی تەواوکردبێت و بە گوێرەی سیستمی قوتابخانە بنەڕەتی و خوێندنگە ئامادەییەکانی ساڵی (٢٠٠٩).

٢- لە پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە لە هەمان پسپۆری (بابەت) کە لە بەشەوانەی سیستمی قوتابخانە و خوێندنگە ئامادەییەکانی ساڵی (٢٠٠٩)دا هاتووە کە (٢٤) بەشەوانە بۆ قۆناغی بنەڕەتی و (٢٢) بەشەوانە بۆ قۆناغی ئامادەیی، نابێت (٢) دوو وانەبێژ بۆ هەمان بەشەوانە دابنرێت، واتە ئەگەر بەشەوانەی بابەتێک لە قوتابخانەیەک (٢٤) بەشەوانە بێت دەبێت بدرێت بە یەک مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو.

٣- لە (ناحیە و قەزا و سەنتەری شارەکان) نابێت مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو لە (٢) قوتابخانە وانە بڵێتەوە جگە لەو مامۆستا وانەبێژانەی دانەمەزراون کە دەیانەوێت بگەنە (٢٤) بەشەوانە بۆ قۆناغی بنەڕەتی یاخود (٢٢) بەشەوانە بۆ قۆناغی ئامادەیی وە تەنها یەک شایستەی دارایی بڕاوەی بۆ خەرج دەکرێت، مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراوی گوندەکان بەدەرن لەم خاڵە، چونکە لەسەر بنەمای بەشەوانە بەخشراون لە گوندەکان بەڵام تەنها یەک شایستەی داراییان پێدەدرێت.

٤- تەنها بۆ پسپۆرییە دەگمەنەکان لە هەندێک ناوچەی جوگرافی کە مامۆستای پێویستی نیە بۆ ئەو بابەتانەی زۆر پێویستن و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان یەک مامۆستایان لەبەر دەستە کە لە چەند قوتابخانەیەک ئەو بابەتانەیان بۆ بڵێتەوە، بەدەردەکرێن لە حکومەکانی خاڵی (٣) ی ئەم ڕێنماییە، بەڵام مەرجە لە حاڵەتی زۆر پێویست بێت وە سنورە جوگرافیاییەکە وابخوازێت، لەسەرووی شایستەی دارایی بڕاوە کە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە دیاری کردووە لەسەرووی (٢٥) بەشەوانە بۆ قۆناغی بنەڕەتی و (٢٣) بەشەوانە بۆ قۆناغی ئامادەیی بەم شێوازەی خوارەوە بۆ خەرج دەکرێت بە لیستی جیا و مانگانە پێویستە پەروەردەکان بینێرن بۆ گەنجینەکان بەمەبەستی خەرجکردنی بەم شێوەیەی خوارەوە :

- مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراوی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بۆ هەر بەشە وانەیەکی زێدەکی بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار خەرج دەکرێت.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

- مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و سەرووتر بۆ هەر بەشەوانەیەکی زێدەکی بڕی (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار خەرج دەکرێت.

٥- دانانی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو لە دەسەڵاتی وەزیری پەروەردەیە و دەتوانێت دەسەڵات بدات بە بەرپرسی دامەزراوە پەروەردەییەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین.

٦- دانانی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو و لەپاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دەبێت بۆ لەمەودوا ئەو مامۆستایانە دابنرێن کە دەرچووی کۆلیژەکانی (پەروەردە و پەروەردەی بنیات)ن، لە حاڵەتی پێویست وەزیری پەروەردە دەسەڵاتی هەیە ئەو کۆلیژ و بەشانە زیاد بکات کە پێویستیانە بە گوێرەی پسپۆرییەکانیان.

٧- لەو قوتابخانانەی کە مامۆستای میلاکی تێدا نیە، بە تەکلیف کاری بەڕێوەبەری قوتابخانە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە مامۆستایەکی وانەبێژی دانەمەزراو دەسپێردرێت سەرەڕای ووتنەوەی بەشەوانەکەی خۆی وە مانگانە بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار زێدەکی بۆ خەرج دەکرێت بۆ سەر بڕە پارەی بڕاوە.

٨- شایستەی دارایی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو بە لیستێک لە لایەن لیژنەیەکی قوتابخانە پێشکەش بە پەروەردەی قەزا دەکرێت کە پێویستە مانگانە ئامادەبکرێت و دوانەکەوێت، وە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا پێویستە لە ماوەی (٥) ڕۆژ کارکردن لیستی شایستەی دارایی مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو ڕەوانەی گەنجینەکان بکات.

٩- ئەو بڕە پارە بڕاوانەی (مقطوع) کە دیاریکراون بۆ مامۆستایانی وانەبێژی دانەمەزراو هەروەها بڕە پارەی زێدەکی (بەڕێوەبەری تەکلیف) کراو لە پشووی ساڵانەی خوێندن بۆ مانگەکانی (٧، ٨) بە شێوەی نیوە خەرج دەکرێت.

١٠- لە حاڵەتی نەهاتنی (غیاب)ی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو شایستەی دارایی بڕاوەی بە گوێرەی ڕۆژانی نەهاتنی لێدەبڕدرێت.

١١- مۆڵەت: مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو لە ناوەندەکانی خوێندن لە ساڵێکدا مافی (٧)حەوت ڕۆژ مۆڵەتی هەیە وە هەروەها مافی وەرگرتنی (٧) حەوت ڕۆژ مۆڵەتی نەخۆشی بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی پەسەندکراو دەبێت وە هەروەها مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراوی ئافرەت مافی وەرگرتنی (٢١)بیست و یەک ڕۆژی مۆڵەتی هەیە بۆ پێش



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

حوكومەتی هەرێمی كوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێكۆڵینەوە و بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات و الابحاث والمتابعة

ژمارە : ٩٠٠٢/
ڕێكەوت : گەلاوێژ/ ٢٧٢١ كوردی

العدد :
التأريخ ٢٧/ ١٠/ ٢٠٢١

لە دایک بوون و پاش لە دایک بوون کە بە گوێرەی پێویستی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو پێشکەشی دەکات ئەو (٢١) بیست و یەک ڕۆژەی بۆ هەردوو حاڵەتی پێش لە دایک بوون و پاش لە دایک بوونی پێدەدرێت بە مووچەی تەواو.

**چوارەم:** سەبارەت مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو لە باخچەی منداڵان هەمان ڕێنمایی دەیگرێتەوە بە مەرجێک مامۆستای میلاک (٢٤) بەشە وانەی خۆی بلێتەوە و هەروەها ئەو مامۆستای وانەبێژە دانەمەزراوە باشترە هەڵگری بڕوانامەی تایبەت بێت بە (باخچەی منداڵان ، پەروەردەی بنیات، پەروەردە).

**پێنجەم:** لە ڕێکەوتی ١ / ٩ / ٢٠٢١ وە كار بە هیچ ڕێنماییەک ناكرێت جگە لەم ڕێنماییە.

**شەشەم :** ئەم ڕێنماییە لە ١ / ٩ / ٢٠٢١ وە جێ بەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە.

بۆ ئاگاداریتان و كاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا.

هاوپێچ / خشتەی ژمارە (١ ,٢ ,٣ ,٤ ,٥ ,٦ ).

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**٢٠٢١/١٠/**

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٢٢٣٠٢٥١ - ٢٢٢٢٩٨٢ - ٢٢٣١٤٢٥)
Address-erbil Beside Parliament
www.gov.kurd

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات و الابحاث والمتابعة

حوكومەتی هەرێمی کوردستان –
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆلینەوە و بەدواداچون

العدد :
التأريخ : / / ٢٠٢١

ژمارە : /
ڕێکەوت : / / ٢٧٢١ کوردی

وێنەیەک بۆ /

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س. دیوان/ ف. گ . کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی ... لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کودرستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان .. . لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا..
- نووسینگەی بەرێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەرێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا..
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردن.
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردن.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم , هەولێر , ( ٢،١ ) ی سلێمانی , دهۆك , هەڵەبجە , گەرمیان , سۆران , ڕاپەڕین , ئاکرێ , زاخۆ , کۆیە , چەمچەماڵ , ئامێدی ) / بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دۆسیەی سوڕاو / ( سیستەم لە گەڵ سەرەتاکان ) .

سانا

Address-erbil Beside Parliament
www.gov.kurd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٢٢٣٠٢٥١ – ٢٢٢٢٩٨٢ – ٢٢٣١٤٢٥)
ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd

ریبازعباس

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner